

کۆمەڵێك ئادابی شەرعی

ئادابی دوازدەیەم

ئادابەکانی سەردانی کردنی نەخۆش



نوسینی

م. هەڵگۆرد مصطفی گەلاڵەیی

١٤٣٨کۆچی ٢٠١٧زاینی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

ئادابەكانی سەردانی كردنی نەخۆش

١) نیاز پاكی بۆ خوای گەورە لەكاتی سەردانی كردنی نەخۆش : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (مَنْ عادَ مريضاً ، أو زارَ أخاً له في الله , ناداه منادٍ : أنْ طِبْتَ وطابَ مَمْشاكَ ، وتَبوَّأْتَ مِنَ الجنَّةِ مَنْزِلاً) . صَحِيحُ التَّرْغِيب وَالتَّرْهِيب : ٢٥٧٨.

واتە : هەركەسێك سەردانی نەخۆشێك بكات یان سەردانی برایەكی بكات لە پێناو خوای گەورە ، فریشتەیەك بانگی دەكات و دەڵێت بەختەوەری دونیاو قیامەت بی و ڕۆیشتنەكەت بۆ كارێی زۆر باشە و شوێنێكی زۆر خۆش و بەرزت لەبەهەشت بە دەست هێنا .

٢) سەردانیكردنی نەخۆش لەكاتێكی گونجاو : پێویستە لەكاتێكی گونجاو سەردانی نەخۆش بكرێت و نابێت لەكاتێكی وا سەردانی نەخۆش بكرێت كە بەهۆیەوە نارەحەت بێت .

٣) دوعاكردن بۆ نەخۆش : پێی بوترێت : (لا بأس طهور إنْ شاءالله) واتە: نەخۆشیەكەت إن شاءالله دەبێتە كەفارەتی تاوانەكانت ، وە حەوت جار بوترێت : (أَسْأَلُ اللَّهَ الْعَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ) .

٤) ئامۆژگاری كردنی نەخۆش بە ئارامگرتن : پێویستە ئامۆژگاری نەخۆش بكرێت بە ئارامگرتن و ڕازی بوون بە قەدەری خوای گەورە و تەنها داوای شیفا لە خوای گەورە بكات و هەرگیز پەنا بۆ نوشتەو گۆڕی پێغەمبەران و پیاو چاكان نەبات چونكە

ئەم کارە دروست نیە و شەریك بۆ خوا دانانە و گەورەترینی تاوانەکانە .

٥) **زۆر دانەنیشتن لەلای نەخۆش ئیلا ئەگەر نەخۆشەکە حەز بکات :** پێویستە ڕەچاوی تەندروستی نەخۆش بکرێت زۆر لە لای دانەنیشن ئەگەر پێی ناڕەحەت بێت و زیانی بۆی هەبێت .

٦) **زۆر پرسیار نەکردن لە نەخۆشەکە :** لەکاتی سەردانی کردنی نەخۆش نابێت زۆر قسەی زیاد و پرسیار لە خودی نەخۆشەکە بکرێت بۆ ئەوەی زۆر بێ تاقەت نەبێت ، چونکە نەخۆش خۆی بێ هێزە بەزۆر پرسیار کردن لە چۆنیەتی نەخۆشیەکەی زیاتر بێ توانا و ناڕەحەت دەبێت .

٧) **ئومێد بەخشین بە نەخۆشەکەو ورە بەرزکردنەوەی :** پێویستە قسەی خۆش لەگەڵ نەخۆشدا بکرێت و قسەکانی ئومێد بەخش بن و قسەیەکی وای لەلا نەکرێت ببێتە مایەی بێ ئومێدی و بێ هوابوونی لە چاك بوونەوەی نەخۆشیەکەی .

٨) **بیر هێنانەوەی نەخۆشی پێغەمبەران و پیاوچاکان :** کە پێغەمبەران و پیاو چاکانیش تووشی نەخۆشی بوونە و ئارامیان گرتووە بۆ نموونە پێغەمبەر ئەیوب **علیه الصلاة والسلام** (١٨) هەژدە ساڵ نەخۆش کەوتووە بۆ ئەوەی ئەجرو پاداشتی زۆر دەست بکەوێت و ئارام بگرێت .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (**إِنَّ أَيُّوبَ نَبِيَّ اللَّهِ كَانَ فِي بَلَائِهِ ثَمَانِيَ عَشْرَةَ سَنَةً**) . **السلسلة الصحيحة** " (رقم/١٧) . واتە : بەڕاستی پێغەمبەری خوا ئەیوب (علیه الصلاة والسلام) (١٨) هەژدە ساڵ لەناو نەخۆشیەکەی دابوو .

وە خوای پەروەردگار سەبارەت بە نەخۆشی پێغەمبەر إبراهیم دەفەرموێت : (**وَإِذَا**

مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ (الشعراء : ٨٠) .

واته : هەر كاتێك نەخۆش بووم تەنها خوای گەورە شیفام دەدات .

وە سەبارەت بە نەخۆشی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ لە فەرموودەیەكی سەحیحدا هاتووە عبدالله ی كوڕی مسعود ﵁ فەرموویەتی : ﴿ دَخَلْتُ عَلَى النَّبِيِّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - وَهُوَ يُوعَكُ، فَمَسِسْتُهُ بِيَدِي فَقُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، إِنَّكَ لَتُوعَكُ وَعْكًا شَدِيدًا . فَقَالَ النَّبِيُّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -: " أَجَلْ ، إِنِّي أُوعَكُ كَمَا يُوعَكُ رَجُلَانِ مِنْكُمْ " . قَالَ : فَقُلْتُ: ذَلِكَ لِأَنَّ لَكَ أَجْرَيْنِ ؟ فَقَالَ : " أَجَلْ " . ثُمَّ قَالَ: " مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُصِيبُهُ أَذًى مِنْ مَرَضٍ فَمَا سِوَاهُ ، إِلَّا حَطَّ اللَّهُ تَعَالَى بِهِ سَيِّئَاتِهِ ، كَمَا تَحُطُّ الشَّجَرَةُ وَرَقَهَا " ﴾ مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ . واتە : چوومە لای پێغەمبەری خوا ﷺ لەو كاتەی تایەكی زۆر گەرمی لێ بوو ، دەستم گەیاندە پێغەمبەری خودا ﷺ وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕاستی تایەكی زۆرت لێیە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : بەڵێ من بە ئەندازەی دوو كەس لەئێوە تام دێتێ و لاشەم گەرم دەبێت ، ابن مسعود وتی : دیارە ئەوە بۆ ئەوەیە هەتا دوو پاداشتت بۆ بنوسرێت ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : بەڵێ ، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : هیچ موسوڵمانێك نیە تووشی ئازارێك بێت بەهۆی نەخۆشیەوە ئیلا خوای گەورە گوناهەكانی بەهۆیەوە هەڵدەوەرێنێت ، هەروەكو چۆن درەخت گەڵاكانی هەڵدەوەرێنێت .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

نوسینی : م هەڵگورد مصطفى گەڵاڵەیی

١٠ ربيع الثاني/ ١٤٣٨هـ — ٢٠١٧/١/٩ م